# گرینگایێتی  که رکووک بۆ کوردان

نووسه ر:  سیامه کی کاکه یی

وه رگێڕ:    ڕێناس  جاف

## به شی : دووه م

له لیسته ی هاوپه یمانیی کوردستاندا، ناوی چه ن که سایێتی سیاسی ومافناسی کوردی ئێراق  وه ک : جه لال تاڵه بانی، ڕۆژ نووری شاوه یس، مه حموود عوسمان، فوئاد مه عسووم،  نه سرین به رواری،  به رهه م ساڵح و هۆشیار زێباری، به رچاو ده که وێ.  که چی ناوی مه سعوود بارزانی له هیچ کامه  له لیسته کان بۆ  هه ڵبژاردنه کانی ئێراق، نابینرێ. ئه وه یانێ  بارزانی  نایه وێ خۆ تێکه ڵ به کار وباری  به ڕێوه به رایێتی سیاسی  بکات، بارزانی  وا دیاره  گه ره کیه تی  گرینگی  به کار و باری  کوردستانی  ئێراق بدات، یان  به واتاییکی دی وه ک ڕێبه رێکی کاریزماتیک، ده ور بگێڕێ. به لام له و لاوه ناوی مام جه لال  له سه رووی  لیسته ی  هاوپه یمانیی کوردستاندا ، ڕوونکه ره وه ی  ئه م حه قیقه ته یه که کوردانی ئێراق(کوردی باشوور) هه ر له ئێسته وه خۆیان بۆ  وه ده س خستنی پۆست و پله ییکی گرینگی حکومه تی ئێراق، ئاماده کردووه .

هه ر ئێستا سه رۆکایێتی  ئه  نجومه نی نیشتمانی به ر وه ختی ئێراق  وه ئه ستۆی کوردانه.  جگه له وه ش  جیگری سه رۆک وه زیر و پێنج پله و پۆستی  وه زاره تخانه کانی ده وڵه تی کاتیش،که گرینگترینیان وه زاره تی هه نده رانه،  له ده س کورده کاندایه .به لام دیاره  کورده کان هه ر   به وه نده ی ڕه زا  نابن، ئه م به ینه  مام جه لال و چه ن کاربه ده ستێکی  کوردی ئێراق  (کوردی باشوور) به ڕاشکاوی وتوویانه  ده بێ   یه ک  له دوو پۆستی  سه رۆک  وه زیری یان سه رۆک کۆمارێتی،به کوردان بدرێ.

مام جه لال سیاستوانێکی ژیهاتی و کۆنه کاری کوردی ئێراقه که وێده چێ، کورده کان به هیوان ، یه ک له و دوو پۆست گرینگه، بخاته ده س خۆ. به لاّم دیاریکردنی کۆڕی ده وڵه ت، وه ئه ستۆی ئه نجومه نی سه رۆک کۆمارێتی یه که ده بێ
په سن کردن وپشت ڕاس کردنه وه ی ئه نجومه نی نیشتمانی، له پشت بێ، دیاری کردنی ئه نجومه نی سه رۆک کۆمارێتیش ، وا له چوارچێوه ی ئه رک و ده سه لاّتی ئه نجومه نی نیشمانی ئێراقدا.
کاربه ده ستانی کوردی ئێراقی چه مه ڕان له سه رجه م 275کورسی ئه نجومه نی نیشتمانی، 70 کورسییان وه ده س بخه ن.هه ڵبه ت سه ر باری لیسته ی هاوپه یمانیی کوردستان، چه ن پارتی دی ، به شێوه ی جیاواز و سه ربه خۆ، له هه ڵبژاردنه کانی سه رانسه ری ئێراق دا به شداربیان کردووه . له و پارتانه ش ده کرێ ئاماژه بکه ینه : پارتی چاره سه ری دێمۆکراتی کوردستان ، جه ماعه تی ئیسلامی ، پارتی پارێزکارانی کوردستان و یه کگرتووی ئیسلامی کوردی ئێراق و کورده کانی فه یلی.هاوکات ده گه ڵ به ڕێوه چوونی هه ڵبژاردنه کانی سه رانسه ری
ئێراق، دوو هه ڵبژاردنی دی واته هه ڵبژاردنی په رله مانی کوردستان و هه ڵبژاردنی ستانه کانیش، به ڕێوه ده چێ.پێشتر دوو پارت و ئالی سه ره کی ئێراق، هه ڕه شه یان کردبوو بێتوو ئیزنی ده نگدان به ئاواره کانی دانیشته ی که رکووک نه درێ،هه ڵبژاردنی ستانه کان یان هه ڵبژاردنی شاره وانییه کان ، بایکۆت ده که ن. به لاّم کۆمیسیۆنی بالاّی هه ڵبژاردنه کانی ئێراق، به و کوردانه ی له ناوچه کانی دی ئێراقه وه چوو بوون بۆ که رکووک و له وێ نیشته جێ بوونه، ماف و ئیزنی ده نگدانی پێدان.کورده کانی ئێراق به په رۆشییه کی تایبه ت و فره وه چاویان له دۆزه که ی که رکووک و گۆڕانکارییه کانی ئه و ناوه یه .
له برگه و ماده ی58 ی یاسای بنه ڕه تی کاتی ئێراق،له سه ر ئه و خاڵه جه خت کراوه که حکومه تی کاتی ئێراق به تایبه ت لیژنه ی بالاّی وه لانانی ناکۆکییه کانی سه ر خودانه تی و لایه نه کانی دی به رپرس، ده بێ خێرا بیر له

گرتنه به ری ڕا و ته گبیرێک بۆ هه ڵگرتنی ئه و هه موو سته مانه ی بکاته وه که له به ر کرده وه کانی ڕژێمی به عس بۆ گۆڕینی پێکهاته ی حه شیمه ت ،له ناوچه کانی دیاری خاسما که رکووک و کۆچ پێدان و دوورخستنه وه ی خه ڵک له ماڵ و یانه ی خۆ و کۆچ پێدانی زۆره کی ئه وان له ناخۆی هه مان ناچه وه بۆ ده رێی ئه و ناوه .

له بڕگه ی (ج) ی هه مان ماده دا جه خت کراوه که له ده رفه تی شیاودا سه رژمێری دادوه رانه و ڕوون له که رکووک بکرێ.هه ندێ له شاره زایان ، که رکووک به ئێراقی گچکه ناودێر ده که ن.چوونکه دانیشتووانی ئه و ستان و شاره پێک دێن له مه زه ب و قه ومی وه ک عه ڕه ب،کورد، تورکمان، که لده و ئێزدی.

که رکووکیش دایمه له ڕه وتی گۆڕانکارییه کانی ئێراقدا به تایبه ت له نێوان کورد و ده وڵه تی به غادا کێشه ساز بووه . کورده کانی ئێراق به رده وام جه خت له سه ر کوردستانی بوونی که رکووک ده که ن و زۆربه یان وتوویانه سه دام به گرتنه به ری سیاسه تی کرێتی عه ڕه باندن، پێکهاته ی حه شیمه تی ئه و شاره ی تێک داوه و گۆڕیویه.هه ڵوێست و ڕوانگه ی عه ڕه ب و تورکمانه کانی دانیشته ی که رکووک و په رۆشییه کانی تایبه تی ترکیا،له هه مبه ر کێشه که ی که رکووک دا، باری ئه و ناوه ی زۆر ناسکتر کردووه، هه تا به وێ ئێسته کێشه ی که رکووک بۆته گرێ کوێره و سکڵی بن خۆڵه پوتکه که دیاره هه رچه شنه که مته رخه می ئه نجومه نی نیشتمانی و ده سته ڵاتدارانی ئێراق له حاند ئه و کێشه کۆنه ، ڕه وشه که ئاڵۆزتر ده کات.په رۆشی تایبه تی هه موو گرووپ و پارته کانی کوردی ئێراق له ئاست کێشه که ی که رکووک، ڕوونکه ره وه ی ئه و حه قیقه ته یه.بۆیه هه ر له ئێسته وه ،کورده کانی ئێراق ئاوڕێکی تایبه ت له چۆنیه تی ئاماده کران و دانانی یاسای بنه ڕه تی هه میشه یی ئێراق ده ده نه وه .سه رباری بایه خی فیدراڵی بوونی ئێراق وه کوو ماده یێکی یاسای بنه ڕه تی ئه و وڵاته بۆ کوردانی

ئێراق، ئه وان به هه مه چه شنه له دووی  ئه وه ن هه ندێ ماف و سه رپشکی نیوه چڵ و  ڕێژه یی خۆ به گوێره ی یاسای بنه ڕه تی کاتی وه ک ماده ی 61 بپارێزن.
له برِگه ی( جیمی) هه مان  ماده دا جه خت  له سه ر ئه و خاڵ کراوه  بێتوو سێ دووی حه شیمه تی سێ  ستانان  له ڕاپرسی گشتی دا، یاسای بنه ڕه تی هه میشه یيان لا په سن نه بێ ، ئه و یاسا هه ڵده وه شێته وه . یانێ ڕاپرسییه که  سه رکه وتووانه  نه بووه ، باوه کوو زۆرینه ی ده نگده ری ئێراقیش ده گه ڵیا ، ته با بوو بن.خاڵیکی  سه رنج ڕاکێشی دی  له و نێوانه دا، ئه وه یه بێتوو یاسای بنه ڕه تی هه میشه یی ، له ڕێی ڕاپرسی گشتییه وه ، په سن  نه کرێ، ئه نجومه نی نیشتمانی  هه ڵده وه شێته وه  و هه ڵبژاردنه کان  بۆ دانان و پێک هێنانی ئه نجومه نی نیشتمانی نوێ ،هه تا 15 دیسه مبه ری 2005  به ڕێوه ده چێ. وا ڕه وشێک ناکۆکییه کانی نێوخۆیی له ئێراق  توندتر  ده کاته وه. هه ر بۆیه هه ڵبژاردنه کانی 30 ژانڤییه   بۆ دیاریکردنی نوێنه رانی ئه نجومه نی نیشتمانی  به سه رنج  به ئه رک و به رسایێتی و ده سته ڵاتی ئه و  ئه نجومه نه له ئاماده کردن و دانانی یاسای بنه ڕه تی هه میشه یی دا گه لێ  گرینگه.

---

تێبینی: دانانی زاراوی کوردی باشوور و گۆڕینی هه ندێ شتی دی
بۆ کوردی له و تێکسته دا کاری وه رگێڕه.

Renas caf@yahoo.com